

ڕوی ڕاستی گەشەپێدانی مرۆیی

نوسینی: احسان برهان الدين

#گەشەپێدانی_مرۆیی_لە_نێوان_ڕواڵەت_و_حەقیقەتدا

چەمکی گەشە پێدانی مرۆیی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم سەری هەڵدا کاتێك وڵاتانی بەشداربوو لەو جەنگە – و بە تایبەت وڵاتە سەرنەکەوتووەکان – بە زیان و وێرانییەکی زۆرەوە لەو جەنگە دەرچوون، پاش ئەو کاولکارییەی بە دوای جەنگدا درووست بوو چەمکی گەشەپێدانی ئابووری سەریهەڵدا و بەدوایدا گەشەپێدانی مرۆیی بۆ جێبەجێکردنی ئەو هەندێ ئامانجی دیاریکراو.

بەڵام بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕەگە سەرەتاییەکانی گەشە پێدانی مرۆیی لە ئەمریکاوە سەری هەڵدا و لە حەفتاکاندا بە کاریگەری هەندێ هۆکار زیاتر بڵاو بوویەوە، بە شێوەیەکی گشتی گەشە پێدانی مرۆیی بە سێ قۆناغدا تێپەڕ بووە:

1-قۆناغی کلاسیکی دوای جەنگی جیهانی دووەم: لەم قۆناغەدا چەمکی گەشە پێدانی مرۆیی پەیوەست بوو بە لایەنی ئابوورییەوە، زانایان و بیرمەندان هەموو بایەخدانیان لەسەر ئەوە بوو چۆن داهاتی نەتەوەیی زیاد بکەن بۆ چاککردنی ئاستی بژێوی و زیادکردنی داهاتی تاکەکان و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووری.

2-قۆناغی نێوان حەفتاکان تاکو نەوەدەکان: لەم قۆناغەدا کاریگەری ئابووری پاشەکشەی کرد و لایەنی کۆمەڵایەتی کاریگەری یەکەم و سەرەکی لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی بوو، لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە بوارەکانی ژیاندا، بەڵام لە ڕێگەی

گەشەپێدانی مرۆییەوە نەیاتوانی خۆشبەختی و کامەرانی بۆ خەڵکی بەدەست بهێنن.

پێناسە:

گەشە پێدانی مرۆیی بریتییە لە فراوان کردنی تواناکانی فێرکردن و شارازیی گەلان، ئامانجیش تێیدا ئەوەیە مرۆڤ بە هەوڵەکانی بگاتە ئاستێکی بەرز لە بەرهەمهێنان و دەستکەوت و ژیانێکی تەندرووست و هەروەها گەشە پێکردنی توانا مرۆییەکان لە ڕێگەی فەراهەم کردنی هەلی گونجاو بۆ فێرکردن و زۆرکردنی شارەزایی.

هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە بریتییە لە زیادکردنی ئەو بژاردانەی بۆ تاکەکان لە ئارادا هەیە و ئەوەش سێ بژاردەی سەرەکی دەگرێتەوە:

- ڕەخساندنی ژیانێکی تەندرووستی درێژ و دوور لە نەخۆشی.
- زۆرکردنی بڵاوبوونەوەی زانست و مەعریفە.
- زۆر کردنی داهاتەکان بە شێوەیەك ژیانێکی شاییستە بۆ تاکەکان دەستەبەر بکات.

بوارەکانی گەشە پێدانی مرۆیی:

بە کورتی گەشەپێدانی مرۆیی زانستێکی ڕۆژئاواییە و ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵە باسێکی گشتی باش و بە سوود لە گەڵ کۆمەڵە باسێکی خراپ و زیان بەخش و ناکۆك لەگەڵ ئیسلام کە دواتر بۆی زیاد کراوە، بۆ نموونە لەباسە باشەکانی کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هیچ

کێشەیەکیان لەسەر نییە ئەگەر ناوو ناوەڕۆکی لەیەکتر جیاواز نەبن و لە گەڵ بنچینەو بنەماکانی ئیسلامدا تێکنەگیرێن:

* بەرەوپێشبردنی تواناکان و بەهێزکردنی کەسایەتی.

* هونەری گفتوگۆ وقسە کردن و بەهێزکردنی کەسایەتی.

* فێرکردنی پەروەردەی منداڵ و بە هێزکردنی پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی.

* پلاندان بۆ ژیانی ڕۆژانە و دیاری کردنی ئامانجەکان و هونەری بەڕێوەبردنی کات وچەندین بابەتی تر.

بۆچوونی پسپۆڕێك:

بەڵام لە ڕاستیدا – وەکو دکتۆرە (فوز بنت عبد اللطیف کردي) دەڵێت – گەشەپێدانی مرۆیی لەگەڵ ئەو باسانەی ئاماژەمان پێکرد، چەندین باس و لایەنی تری لە خۆ گرتووە لە گەڵ ئاینی ئیسلام و بەتایبەتی لەگەڵ بیروباوەڕو تەوحیددا ناگۆنجێت وتێکدەگیرێت و بریتییە لە کۆمەڵێك نەریتی بتپەرستی و بیرۆکەی باتنی و جادووگەری و لە هەموویشی خراپتر ئەوەیە ئەم باسانەو باسەکانی تر پێکەوە گرێ دەدرێن و تیکەڵ دەکرێن و ئەستەمە بۆ کەسی ناشارەزا لە بنەماکانی ئایین و بنچینەکانی عەقیدە لەیەکیان جیاکاتەوە، لەوانە:

* ئەو خولانەی تایبەتن بە (البرمجة اللغوية العصبية) بە هەموو جۆرو ڕەنگدانەوەکانی وەکو: (هندسة نفسية، استراتيجيات العقل).

* ئەو خولانەی کە باس لە وزەی مرۆیی (الطاقة البشرية) کە (الريكي والشي كونغ) وئەو جۆرە خوێندنەوەی کە پێی دەوترێت (القراءة التصويرية) و وزەی ڕەنگەکان (طاقة الألوان) دەگرێتەوە، کە هەموو ئەو جۆرە خولانە پۆشاکێکی زانستی لە گەشەپێدانی مرۆیی بەبەردا دەکرێت و گەنجانی پێ لە خشتەدەبرێت و لە بنەما سەرەکییەکانی دینەکەیان دوور دەخرێنەوە بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن.

ناوی گەشە پێدانی مرۆیی لە چییەوە وەرگیراوە:

واشدەردەکەوێت ناونانی ئەم زانستە بە ناوی گەشە پێدانی مرۆیی (التنمية البشرية) هەڵقوڵاوی بنچینە سەرەکییەکەی بێت کە بریتییە لە: بزوتنەوەی توانا مرۆییە شاراوەکان (حركة القدرات البشرية الكامنة) کە لە ڕۆژئاوا سەری هەڵدا بۆ مەزن تەماشاکردنی مرۆڤ و پێویست نەبوون و وازهێنانی لە پەروەردگار.

وریایی:

ئەوەشی کە پێویستی بە وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوە هەیە لەم بارەوە ئەوەیە هەندێ بانگخواز و کەسایەتی ئیسلامی هەوڵ دەدەن بەزۆر ئەو بابەتانە ببەستنەوە بە کتاب و سوننەت و گوایە بنچینەیەکی ئیسلامی بۆ بدۆزنەوە،ئەوەش کارێکی زۆر خراپ و ترسناکترە لە خودی لادانەکانی ئەو بابەتانەی لە گەشەپێدانی مرۆییدا باسمان کرد، چونکە مەبەست پێی ئەوەیە لە هەنگاوێکی تێکەڵکردن و خۆڵ لە چاوکرندندا ئەو فەلسەفە پووچەڵانە بە داپۆشەرێك لە بەڵگەی بەرواڵەت ئیسلامی بشارێتەوە.

گەشەپێدانی مرۆیی بانگەشەو واقیعی جیاوازە:

ئەگەر بێت وخولەکانی گەشە پیدانی مرۆیی لە بازنەی باسەکانی چۆنییەتی زاڵبوون بەسەر خەمۆکی و شێوازەکانی بەڕێوەبردن و سوود وەرگرتن لە کات و ئەو جۆرە باسانەدا بمایەتەوە، زانایان و بیرمەندە دڵسۆزەکانی ئیسلام زەنگی ترسناکییان لەم زانستە هەرگیز لێ نەدەدا، ئەمڕۆ گەشە پێدانی مرۆیی بووەتە بوارو بازنەیەك جۆرەها تاوان و سەرپێچی گەورە لە خۆ دەگرێت، وای لێ هاتووە ئاساییە و جێگای سەرسوڕمان نییە لە باسەکانی ئەو زانستەدا:

- شیرکی گەورە و بچووك و جادوو و جۆرەها بیدعەو ئەفسانە و فەلسەفەی دژ بە ئیسلامت بەرچاو بکەوێت.
- جۆرەها چارەسەرو عیلاجی بێ بنەما و دوور لە ڕاستی تێدایە زیاتر نییە لە قۆستنەوەی بێ کاری و بێزاری ئەو هەموو گەنجە و وەرگرتنی پارە و ماڵی خەڵکی بە بێ پاساوێکی مەنتیقی.
- قسەو بیرۆکەی ناکۆکی زۆر تێدا بەدی دەکرێت کە لەگەڵ عەقیدەی تەوحیددا یەکناگرێتەوەو ناکۆکە لە خراپترنیان ئەوەیە ئەمزانستە کار لە سەر

ەورە کردنەوەی مرۆڤەکان دەکات بەو واتایەی لە هەموو شتێك بێ نیاز بیت بە پەروەرگاریشیەوە.

- گەشە پێدانی مرۆیی لە هەندێ باسی بەسوودەوە کە سەرەتاکەی بەوە دەستی پێکردووە، ئێستا بووە بازرگانییەکی پەتی و بووە بە تەڵەیەك بۆ ڕاوکردنی گەنجان و خەڵکانێك کە بەدەستی نەخۆشی و دڵەڕاوکێ و کێشەی خێزانی ولاوازی

کەسایەتییەوە دەناڵێنن وگیرفانیان بەتاڵ دەکەن و بەسەر ئەوانەوە خۆیان دەولەمەند دەکەن.

- لە سایەی دابەزینی ئاستی زانستی گەنجان بەتایبەت و خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی سەرەڕای زۆری بڕوانەمەکان، ڕاهینەران و سەرپەشتیارانی گەشە پێدانی مرۆیی گۆڕەپانیان بۆ چۆڵ بووە و لە ڕێگەی هەندێ لەوانەی بە فرۆشیارانی وەهم (باعة الوهم) وەسف دەکرێن، زۆر زانیاری ناڕاست و چارەسەری بێ بنەما و ئاڕاستە کردنی ئەفسانەیی دەکەن.
- گەشە پێدانی مرۆیی بووەتە هۆکارێك بۆ لاوازی ئیمان و سەرپێچی بیروباوەڕەکانی ئیسلام لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەمکی پشت بەستنی تاك بە خۆی لە هەموو شتێکدا بە ڕەهایی و لابردن و پشت گوێ خستنی باوەڕ و (توكل) و پشت بەستن بە الله تعالی، لە گەشەپێدانی مرۆییدا هەرگیز جیگەی ئەوەی تێدا نابێتەوە بەشداربوان فێری ئەوە بکرێن پشت بە پەروەردگاریان ببەستن و ئومێدیان پێی ببێت، بەڵکو بەردەوام فێری ئەوە دەکرێن پشت بەتواناکانی خۆیان ببەستن و ئومێدیان بەخۆیان بێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئامانجەکانیان.
- زۆر جار خول دەکرێتەوە بۆ هەندێ بابەت کە مەترسی ئەوەی هەیە موسوڵمان لە بازنەی ئیسلام بباتە دەروە، ئەو چارەسەرانەی ئەوان وەسفی دەکەن هەمووی دوورە لەوەی لە قورئان و لە سوننەتدا هاتووە و زۆر جار باسی داهاتوو و غەیب و چۆنیەتی زانینی داهاتووی کەسەکە لەڕێگەی ئیمزا وخەتی ئەو کەسە و چارەسەر کردن بەوەی پێی دەڵێن☹ العلاج بالاحجار الكريمة) وەکو مرواری و بەردە بەنرخەکانی تر.

چارەسەرکردن بە وزە:

وەکو وتمان یەکێك لە ترسناکترین بانگەشەکانیان مەسەلەی چارەسەر کردنە بە وزە و زۆریش هەوڵ دەدەن پۆشاکێکی زانستی بەبەردا بکەن و لە بنچینە بتپەرستییەکەی دووری بخەنەوە بۆ ئەوەی ببێتە مەسەلەیەکی زانستی ئاسایی لە کاتێکدا خۆی وا نییە؛ لە راستیدا بیرۆکەی چارەسەرکردن بە وزە (العلاج بالطاقة) بەتەواوی لە مەجوسە ئاگر پەرستەکانەوە وەرگیراوە کە بەلای ئەوانەوە یەزدان خودای ڕوناکییە و ئەهریمەن خودای تاریکییە و ئەوان باوەڕیان وایە ڕووناکی و تاریکی دوو بنەمای دژە یەکترن و سەرەتای بوونەوەرن و ئەڵێن هەموو پێکهاتەکان لە ئاوێتەبوونی ئەو دووانە درووست بووە، بۆیە دەبینی باسی ڕووناکی و تاریکی و (یەن و یانگ) و ڕاکێشان و لەرینەوەی ئەرێنی و نەرێنی دەکەن، باسەکەش قسە زۆر هەڵدەگرێت بەلاَم من لێرەدا تەنها مەبەستم ئاماژە پێکردنە، یەکێکیش لەو دەجالانەی ئەو بیرۆکە بلاَو دەکەنەوە و کاری لەسەر دەکەن (عدنان اوکتان) ە.

البرمجة اللغوية العصبية:

بە هەمان شێوە مەسەلەی (البرمجة اللغوية العصبية) کە یەکێکە لە زۆرترین ئەو بابەتانەی ڕاهێنەرەکانی گەشە پێدانی مرۆیی کاری لەسەر دەکەن، بابەتیکی تەواو ناکۆکە لە گەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا و بەڵکو – لە ئاستێك لە ئاستەکانیدا – جۆرێکە لە دەرکردنی موسوڵمان لە بازنەی دینەکەی چونکە کار لەسەر لابردنی هەمووبیروباوەڕو تێگەیشتن و چەمکە فیکرییەکانی دەکات و کۆمەڵێك بیروباوەرو چەمکی فیکری نوێیان لە جێگەدا دادەنێت، ئەم

پرۆگرامسازییه به کورتی: بریتییه له هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕەکانی مرۆڤ وهێواش هێواش لابردن و لەناوبردنی و گۆڕینی به کۆمەڵێك بیروباوەڕی تری جیاواز – که ئەوان دەڵێن پارمەتیدەرو دەستەبەرکەری سەرکەوتنه – ئیتر ئایا ئەو بیرروباوەڕه نوێیانه ئایینی بن یان شتی تر، بەڵام بەهەر حاڵ هەرچییەك بێت قال الله و قال الرسول نییه، بەڵکو ئەو پرۆگرامسازییەیه که وەکو فۆرمات کردنێکه بۆ سەرجەم زانیارییەکانی ڕابووردووی ئەو کەسه، جێگای داخیشه که ابراهیم الفقي به شێوەیەك له شێوەکان لەم بواره کاری دەکرد.

باسەکانی سەرکەوتن:

باسی سەرکەوتنیش یەکێکه لەو باسانەی ملیونەها خەڵکیان پێ گێل کردووه و پارەکانیان بەناحەق لێ وەردەگرن، ئەوان دەڵێن گوایه پارمەتی خەڵکی دەدەن بۆ سەرکەوتن، بێگومان سەرکەوتن له هەموو بوارێکدا، ئیتر گرنگ نییه ئەو کەسه بازرگانی ماده هۆشبەرەکان بکات یان هەر بازرگانی و کارێك که بنەمای ڕەوشتی و ئایینی نەبێت، گرنگ ئەوەیه ئەوان فێری سەرکەوتنی ئەکەن، ئینجا هەمیشه سەرانی بێباوەڕانی دونیا دەکەنه پێشەنگ و دەیانەوێت لاسایی بکرێنەوه و بکرێنه پێشەنگ، هەمیشه کەسانێك که به دەقی قورئان و سوننەت له دۆزەخدان و تۆ دەبێت له پێناو سەرکەوتندا بیانکەیته پێشەنگ و پێشەوای خۆت.

چەمکی سەرکەوتن لەلای ئەوان تەنها گەیشتنه به ئامانجی مادی وبەدەستهێنانی پارەیه، هەر بۆیه زۆربەی ئەو ڕاهێنەرانه بەردەوام خەریکی پارەکۆکردنەوەن لەو کەسانەی بەدوای سەرکەوتندا ویڵن له کاتێکدا خۆیشیان نازانن لەچی سەربکەون.

بانگەشەی زانینی داهاتوو(علم الغیب):

زۆر جار لە خولەکانی گەشەپێدانی مرۆییدا بەمەبەست بێت یان بە هەڕەمەکی، وشەگەلێك بەکاردەهینن تەنها بۆ زاتی الله دەگونجێت بەکار بێت، لە کاتێکدا ئەوان بۆ ئەو خەڵکە داماوە بەکاری دەهێنن کە کەوتوونەتە داوی ڕاهێنەرانی ئەو زانستە و ئەوانیش وەکو هەلێکی زێڕین بۆ دەوڵەمند کردنی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، ئەوان بۆ نموونە بەو خەڵکە دەڵێن: ئێوە وزەی ڕەهاو بێ سنوورتان تێدایە (طاقات مطلقة) و دەبێت بیدۆزنەوە! ئەو وەسفەش تەنها بۆ الله زیاتر بۆ کەس ناشێت بەکاربهێنرێت، بەو شێوەش بنەمای پێویست بوونی بەندەکان و ئاتاجییان بۆ پەروەردگاریان لاواز دەکەن و کار لەسەر لاواز کردنی ئیمانی کەسەکان دەکەن. یان لە ڕێگەی دەستخەت و ئیمزا و ئەو جۆرە شتانەوە باسی ئاییندە و داهاتووی بۆ دەکەن و بە کورتی ئەو شتانەی ئەاوان بانگەشەی زانینی دەکەن لە تایبەتمەندییەکانی تەنها الله یە و بەندە ئەگەر باوەڕی پێ بێت لە بازنەی ئیسلام دەردەچێت.

العقل الواعي و العقل اللاواعي:

بە هەمان شێوە ئەو باسانەی کە پەیوەندی بە (العقل الواعي) و (العقل اللاواعي) هەیە بیرۆکەی ناکۆکە لە گەڵ تەوحید و ئیمان بە بنەماکانی ئیسلام و جۆرێکە لە ڕەواجدان بە فەلسەفە گومڕاکانی سەدە ڕابووردووەکان.

چارەسە بە ڕێگەی ناشەرعی:

هەندێك لە خولەكانی گەشەپێدانی مرۆیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەقیدەو بیروباوەری تەوحیددا كە بنەمای موسوڵمانێتی هەموو موسوڵمانێكە تیكدەگیرێت و پێچەوانەیە، بۆ نموونە چارەسەر كردن بە كریستاڵ و گەوهەری شەو چراو مرواری وئەو جۆرە شتانە، هەروەها ئەو دەستەوانەی كە لە دەستی هەندێ لە بەشداربووانی خولەكانیانی دەكەن و چەندین ڕەفتاری تریان لە كاتی بەراورد كردنیان لەگەڵ شەرعی ئیسلامدا دەبینین لەئەوپەڕی جیاوازی و لەیەكترازاندایە.

گاڵتە كردن بە عەقڵی خەڵكی:

هەروەها زۆر جار خولەكانی گەشە پێدانی مرۆیی تەنها خەیاڵ فرۆشتن و گاڵتە كردنە بە عەقڵی خەڵكی و قۆستنەوەیە بۆ مەسەلەی هەژاری و بێكارییان، لە خولی وا هەبووە بەو خەڵكەیان وتووە چاو بنووقێنن و بیست جار بڵێن دەوڵەمەند دەبم دەوڵەمەند دەبم، بۆ ئەوەی دەولەمەند بن!

یان بە كەسێكی شكست خواردوو ولاواز ئەڵێن: بۆ چەندین جاری زۆر لەگەڵ خۆتدا ئەوە دووبارە بكەرەوە بڵێ: من بە هێزم من سەركەوتووم بۆ ئەوەی قەناعەتی بۆ دروست بێت كە بە هێزو سەركەوتووە، ئەمە جگە لەوەی زۆر جار بە شێوەیەكی بە كۆمەڵ هەڵیاندەسێنن و دایان دەنیشێنن و هەندێ قسەیان پێ دەڵێنەوە و هەندێ دەستەواژەیان پی دوویات دەكەنەوە بە دەنگی بەرز، وەكو ڕۆبۆت مامەڵەیان لەگەڵ دەكەن و ئەوانیش لەبەر ئەو فەراغ و داماوییەی تێییدان بە قسەیان دەكەن، ساڵان دێت و دەڕوات

ڕاهێنەران بە پارەی خەڵكی داماو دەوڵەمەند دەبن و ئەوانیش لە هەمان هەژاری و نەداری و بێكاری و شكست خواردوویی خۆیاندا دەمێننەوە.

یان جاری واهەیە بە ئامادەبووان دەڵێن: بە پەنجەیەكت لایەكی لووتت دابخە و بەو لایەكەی تری بۆ ماوەیەك هەناسە هەڵمژە، ئینجا ئەو لاكەی تری لووت دابخە و لەوبەشەكی ترەوە هەناسە دەربكە، گوایە ئەمە فشار لەسەر كەسەكە كەم دەكاتەوە، یان بە قووڵی هەڵمژین وای نیشان دەدەن زۆر كێشەی دەروونی وگرفتی تر چارەسەر دەكات.

مایكرۆبایۆتیك:

یەكێكی تر لەو بابەتە ترسناكانەی كە تێكەڵ بە گەشە پێدانی مرۆیی كراوە وبە ڕواڵەت تەنها سیستمێكە بۆ پارێز لە مەسەلەی خواردن و لە ڕاستیشدا بانگەشەیەكە بۆ زیندوو كردنەوەی چەندین فەلسەفەو بنەمای دژ بە عەقیدەی ئیسلامی كە لە ئاینەكانی تاوی و بوزی و هیندۆسی وەرگیراون، ئەوەش بریتییە لە مایكرۆبایۆتیك، ئەم زاراوەیە واتای ژیانی مەزن یان تێروانی مەزن بۆ ژیان دەگرێتەوە و یەكەمین كەس بانگەشەی بۆ كرد لە چلەكانی سەدەی رابوردوو (ئۆساوا) ی یابانی بوو، لەو كەسانە داوا دەكات كە دەیانەوێت لە وزەی گەردوونی سوودمەند بن لە خواردنی گۆشتی سوور خۆیان بە دوور بگرن و خواردنە ڕووەكییەكان بخۆن بۆ ئەوەی بتوانن لەو وزە گەردوونەیە بەهرەمەند بن و تەمەنێكی درێژ و تەندرووستی و پاراوی و كامەرانی ومێشك سافیان بەدەست بكەوێت، ئەم تیۆرەی ئۆساوا كە هەوڵ دەدرێت پۆشاكێكی ئیسلامیشی بەربەردا بكرێت و ڕەگ و ڕیشەی ئلیینی بۆ

بدۆزرێتەوە، لەلایەن هەندێکەوە بانگەشەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئایینە بتپەرستییە ڕۆژهەڵاتییەکان و هەندێ ڕێرەوەی ئیلحادی ڕۆژئاوایی و ئەمڕۆ ڕاهێنەران ئەو پەڕی ئاواتیان ئەوەیە بگەنە ئەوەی بتوانن بەو ڕێگەیە چارەسەری بەشداربوانی خولەکانیان بکەن، لەگەڵ دەستکەوتە داراییەکانیان بەسەر خەڵکی ڕەش و ڕووت و دینی خۆیان و ئەوانیش تووشی لەدەستدان و هیچ نەبێت مەترسی زۆر دەکەن، بۆ زانینی حەقیقەتی ئەم باسە و باسەکانی چارەسەر بە وزەی گەردوون بگەڕێنەوە بۆ وانەکانی شیخ محمد صالح المنجد و دکتۆرە فوز عبداللطیف کردی، نووسین و وانەی زۆر بە سوود و زانستیان لەو بارەوە هەیە.

چارەسەر کردن بەبەرد و کریستاڵ:

هەر لەم بارەوە مەسەلەیەکی تری زۆر گرنگ و ترسناك هەیە ئەویش مەسەلەی چارەسەر کردنە بە بەرد و کریستاڵ و مرواری و ئەقیق ئەو جۆرە شتانە، ئەو ڕاهێنەرانە هەڵدەستن بە دیاری کردنی بەردی گونجاو بۆ کەسەکە بەپێی پرۆگرامسازی بورجەکەی و ڕۆژی لە دایکبوونی و ڕەنگی خەرمانەی وزەکەی، دوای ئەوە پێویستە نەخۆشەکە ئەو بەردە یان ئەو بازنگە بەخۆیەوە هەڵواسێت یان بخرێتە ناو ئاوو ئاوەکەی بخواتەوە ویان وەکو دەستەوانەو ئەنگوستیلە لە دەستی بکات، یان بکرێتە بۆدرەو لێی بخوات، یان خۆی پێ بشێلیت یان لە جێگەیەکی ناو ماڵەکەی دابینات، هەموو ئامانەش ئاشکرایە وەکو لە فەرموودەکاندا هاتووە بۆ نموونە: (إنَّ الرقى والتَّمائم والتِّولة شرك) یان (من علَّق تميمةً فقد أشرك)هەموو ئەو ڕێگەچارانەی بە ناوی گەشە پێدانی مرۆییەوە لەم بارەوە دەکرێت شەریك و هاوبەش بۆ الله بڕیاردانە.

یوگا:

یەکێکی تر لەو باسانەی پەیوەندیدارن بە باسەکانی گەشە پێدانی مرۆییەوە بابەتی یۆگایە،چونکە ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە بابەتەکانی گەشەپێدانی مرۆیی خۆیان لە سێ تەوەری سەرەکیدا دەبیننەوە: فێرکردن و تەندرووستی و ئاستی دەرامەتی تاك، بۆیە لەو ڕوانگەوە یۆگاش لەسەر بەشی تەندرووستی پۆلێن دەکەن.

لە ڕاستیدا یۆگا ئەگەر چی وەکو شێوەیەك لە وەرزش باس دەکرێت بەڵام هەرگیز وا نییە و وێناکردنی ی٥گا بەو شێوە خۆڵ لەچاوکردنە، یۆگا جۆرێکە لە عیبادەت کە لە دێر زەمانەوە لە هیندستان ناسراوە و بۆ خۆر ئەنجام دەدرێت، ناوی ڕەسەنی ئەو عیبادەتە بریتییە لە (ساستانجا سوریا ناما سکار) واتە: (السجود للشمس بثمانية مواضع من الجسم) سەجدە بردن بۆ هەتاو لە سەر هەشت ئەندام.

یۆگا بە دە شێواز ئەنجام دەدرێت، شێوازی پێنجەمی کە کەسەکە درێژا دەبێتە سەرزەوی و هەردوو دەستی و لووتی وسنگی و هەردوو ئەژنۆی وپەنجەکانی هەردوو پێی بەر زەوی دەکەون و بەو شیوەش لەسەر هەشت ئەندام کڕنووش بۆ خۆر دەبەن، شێوازی یەکەمی ئەم وەرزشە بریتییە لە سڵاوکردن لە خۆر و پێویستە لەگەڵیدا هەندێ وشە ودەستەواژە بڵێت کە مانترات ی پی دەوترێت، وەکو:

(میترایا ناماه) واتە: سەرم بۆ دانەواندی ئەی هاوڕێی هەموان.

(رافایر ناماه) واتە: سەرم بۆ دانەواندی کە تۆ هەموان سوپاس گوزارتن

(سوریا ناماه) واته: سەرم بۆ دانەواندی ئەی ڕێپیشاندەری هەموان.

(ماریتشای ناماه) واته: سەرم بۆ دانەواندی ئەی بەزێنەری دەرد و نەخۆشی.

(سافتیر ناماه) واته: سەرم بۆ دانەواندی ئەی بەخشەری ژیان.

(بها سکاریا ناماه) واته: سەرم بۆ دانەواندی ئەی سەرچاوەی ڕووناکی.

هەندێکیش ئەمەی بۆ زیاد دەکەن: (أوم هرام، أوم هريم، أوم هروم) واته: يا الله يا اللهم.

مرۆڤ لە کاتی ئەنجامدانی وەرزشی یۆگا بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت دەچێتە ناو هەندێ کەش و هەوای بیتپەرستی و دەبێتە شوێنکەوتووی بێباوەڕان و گومڕایان، الله تعالى لە قورئاندا فەرموویەتی: (وان تطع أكثر من في الأرض يضلوك عن سبيل الله إن يتبعون إلا الظن وان هم إلا يخرصون).

بەڵام هەندێ لە شارەزایان ئەگەر چی وتوویانە ئەگەر هیچ لەو وشانەی پێویستە بوترێت لە یۆگا نەوترێت و شێوازو قۆناغەکانی پاش و پێش بکرێت و وەکو خۆی ئەنجام نەدرێت ئاساییە موسوڵمان ئەنجامی بدات چونکە لەو حاڵەتەدا زیاتر نییە لە هەندێ جوولەی وەرزشیی، بەڵام ئەوە بۆچوونێکی پەسەند نییە و لەگەڵ ڕەچاوکردنی عەقیدەو بیروباوەردا یەك ناگرێتەوە بۆیە من وەکو خۆم ئامۆژگاری هیچ کەسێك ناکەم لەژێر هیچ بارودۆخ و پاساوێکدا توخنی یۆگا بکەوێت..

ڕاهێنەرانی گەشە پێدانی مرۆیی:

ئێمە هەر لەسەرەتا ئاماژەمان بەوە کرد گەشە پێدانی مرۆیی زانستێکی ڕۆژئاوایی ئەمریکی پەتییە و سەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەکانی ئەمریکییە و ڕۆژئاواییە بە گشتی، بۆیە بە هیچ شێوەیەك دامەزرێنەرانی پەیوەندییان بەسەر ئایینی ئیسلامەوە نییە و بە شێوەیەکی گشتی باسە ئابووری و کارگێری باسە گشتییەکانی نەبێت ئەوانی تری لە ئایینە ڕۆژهەولاتییەکان و میتۆدە ئیلحادییەکانی ڕۆژئاوا وەرگیراوە و هەر ئەوانیش پێشەنگ و پێشەوای ئەو زانستەن و ڕاهێنەرانی زانستەکە پەیوەستن بەو کەسایەتی و بیرمەند و زانایانەوە.

بە پێی توێژەرێك بۆ ئەوەی ببیتە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو، تەنها پێویستت بە چەند قاتێکی جوان و سەرنج ڕاکێشە، لەگەڵ کۆمەڵێك بڕوانامەی ڕیزکراو و هاوار کردن و بەکارهێنانی زمانی جەستە، ئەوەشی دەمێنێت بیخەرە ئەستۆی ناونیشانی کۆڕەکە و ئەو خەرمانەی کە ڕێکخەرانی کۆڕەکە بۆتی دروست دەکەن.

زۆربەی ڕاهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆیی لە پێناسەیەکی کورتدا خەیاڵ فرۆشن و هەمیشە جیهانێك لە وەهم و ئەفسانە بۆ بەشداربووانی خولەکانیان دروست دەکەن، بەردەوام وایدەردەخەن کە چارەسەری هەموو کێشەیەکی خێزانی و هەژاری و بێکارییان پێیە، لە جیهانی خەیاڵدا ئەوەت بۆ دەسلمێنن هەموو شکست خواردنێك سەرکەوتنیکی بەدواوەیە و، هەموو شتێکت بوێت لەم ژیانەدا قابیلی جێبەجێکردنە، تەنها قەناعەت بە خۆت بکە کە ئەو شتە جێبەجێ دەبێت، ئەگەر هەژاری چاوبنووقێنەو تەرکیز بکە و لەبەر خۆتەوە چەندین جار بڵێ: دەوڵەمەند دەبم دەولەمەند دەبم! ئیتر

ئەوە سەرەتای دەوڵەمەند بوونی تۆیە، یان هەر هیوا و ئاواتێکی ترت هەیە هەمووی لەناو هۆڵی ڕاهێنەرەکەدا چارەسەر نەبێت لە پاش دەرچوونت دواترچارەسەر دەبێت.

تەنانەت ئەگەر بتەوێت تۆیش ببیتە ڕاهینەرێکی سەرکەوتوو تەنها پێویستت بە بینینی چەند خولێك و چەند قاتێکی کەشخە و کۆمەڵێك بڕوانامەی ڕاستەقینەو ساختە ئەبێت، لەگەڵ هەندێ قسەی زل و دەنگ بەرزکردنەوە و بەکارهێنانی زمانی جەستە و درووست کردنی بەهارێکی پڕ لە گوڵ و وەنەوشە لە بیابانی دڵ و دەروونی ئەو داماوانەی لە خۆڕایی پارەی خۆیان دەکەنە ناو دەستت و تۆیش تەنها بەخشینەوەی ئومێد بە گۆترە وقسەی خۆشت لەسەرە بیکەی بۆیان.

"جاسون کونیل" لە وتارێکیدا بەناونیشانی: "لماذا فقدت إيماني بتوني روبينز؟" باسی ئەزموونی خۆی لەگەڵ گەشەپێدانی مرۆییدا دەکات و دەڵێت: گەشە پێدانی مرۆیی لێوان لێوە لە خەڵەتاندنی دەروونی و عاتیفی لەسەر چەندین ئاست، لە نێوان بڕوانامە ساختەکانی ڕاهێنەران و ئەو کلێشانەی کە لەبەری دەکەن هیچ شتێك بۆ ئەو خەڵکە زیاد ناکەن کە ئامادەی خولەکانیان دەبن، ئەوان بێ ئەوەی شیکاری بۆ تواناکانت بکەن پێت دەڵێن ئارەزووت لەچی هەبێت توانای جێبەجێکردنیت هەیە، ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەکانی دەروونناسیدا پێچەوانەیە کە ئەوان سەلماندوویانە ئەو دەرچووانەی بە واقیعی مامەڵە دەکەن هەلی کاروسەرکەوتنیان زۆر زیاترە لەوانە لە دەریای خەیاڵدا مەلە دەکەن.

ئەوانەشیان کە ئاراستەیەکی ئیسلامییان هەیە لە بواری گەشەپێدانی مرۆییدا، چی لە وڵاتانی دونیا و چی لە کوردستانی خۆماندا، ــ لە سنوورێکی دیاریکراودا نەبێت ـــ ئەستەمە بتوانن پابەندبوونی خۆیان بە دینەکەیانەوە بپارێزن، چونکە بنەما و بنچینەکانی ئەو زانستە بە گشتی ئیسلامی نییە و بەڵکو پێچەوانەی شەریعەت و عەقیدەی ئیسلامیشە، جگە لە کێشەییکی تری گەورە ئەویش ئەوەیە ڕاهێنەرەکان زیاتر لە جۆری ئیسلامییە مۆدێرنەکانن و بە هۆی نەشارەزایی زۆربەیان لە زانستی شەرعی و بابەتەکانی عەقیدە لەوە زیاتریان لێ چاوەڕوان ناکرێت.

گەشە پێدانی مرۆیی لە کوردستان:

ئەوانەی لە کوردستان خەریکی ئەم گەشەپێدانی مرۆیین، دوو جۆرن:

- جۆرێکیان پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە، یان بە واتاییەکی وردتر پابەند نین بە ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە و لە ڕوانگەیەکی عەلمانی پەتییەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە دەکەن و کێشەیان لە کارکردن لەسەر هیچ بەشێك لە بەشەکانی گەشەپێدانی مرۆیی نییە و هەموو میکانیزمەکانیشی بەلایانەوە پەسەندە.

- جۆری دووەمیان ئەوانەن کە پابەندن بە ئیسلامەوە، یان جۆرێکیان لە پابەند بوون هەیە بە ئیسلامەوە، لەم بارەشەوە پێویستە چەند تێبینییەك تۆمار بکەین:

1-زۆربەی ئەوانەی خەریکی ئەم بوارەن ــ نەك هەموویان ــ ئیلتیزامێکی کاڵیان بە ئیسلامەوە هەیە و زیاتر نییە لە خۆشەویستییەکی عاتیفی، یان پابەند بوون بە هەندێ لە ئاکارە

ئیسلامییە گشتییەکانەوە، نەك موسوڵمانێکی مەنهەجی خاوەن عەقیدەو مەنهەج و تەوحیدێکی باش بن، بەم شێوەش چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێت ئەو زانستە بە فلتەری ئیسلامدا تێپەڕێنن.

2-زۆرێك لە ڕاهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا سەر بە حیزبە ئیسلامییەکانن، یان بە ڕاستەخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی پاشکۆبوونی ڕێکخراوەکانیان بۆ ئەوان، ئەوەش وای کردووە تێروانینیان بۆ ئیسلام هەمان تێڕوانینی ئەوان بێت وئاشکرایشە ئەوان بۆ خۆیان کەوتوونەتە ژێر فشارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وفیکری عەلمانی گەورە و لە زۆرێك لە بابەتە جێگیرەکانی ئیسلام دابەزیون، بەو پێیەش چونکە پەیوەندی تۆکمە و هاوپەیمانێتی لە گەڵ لایەنە عەلمانییەکاندا دەیانبەستیتەوە و هەمیشە ئامانجیان بووەتە ڕازی کردنی شەقام و دڵی خەڵکیان پێ ناشکێت، بۆیە لەبەرانبەردا ناچار سنوورەکانی دینەکەیان دەشکێنن، لەبەر ئەم هۆکارە ڕاهێنەرەکان نەیانتوانیوە ئەو زانستە بە ڕەنگێکی ئیسلامی ڕەنگ بکەن و پاکی بکەنەوە لەو هەموو دیاردەی لادان و شیرك و گومڕاییەی کە پێکهاتەیەکی ڕەسەنە لە پێکهاتەکانی گەشە پێدانی مرۆیی و جاری وا هەیە ئەوان و غەیری خۆیانت بۆ جیاناکرێتەوە.

3-ڕاهێنەرانی گەشە پێدانی مرۆیی لەوانەی کە وابەستەبوونێکیان بە ئیسلامەوە هەیە زۆربەیان کە من بە خۆم ژمارەکیان دەناسم شارەزایی شەرعی پێویستیان لە کتاب و

سوننەت وعەقیدەی ئیسلامی نییە و نە لەسەر ئەوەش پەروەدرە بوونە، بەڵکو لە ناو حیزبەکانیاندا کۆمەڵە بابەتێکی ڕێکخستن و تەماشا کردنی ئیسلام لە دیدێکی سیاسی پەتی – ئەویش بە پێناسەی ئەم سەردەمە بۆ سیاسەت – فێرکراون، بۆیە ئەوان لە بنچینەوە کێشەیەك لەو گومڕایی و لادانانەی گەشە پێدانی مرۆییدا نابینن، دواجار وەکو دەرەنجامێکی سرووشتی نەیانتوانیوە خۆیان لە خراپییەکانی ئەو زانستە ڕزگار بکەن نەخوازەڵا موسوڵمانی کوردیشی لێ وریابکەنەوە، بۆیە بەداخەوە دەبینیت ئامانجی گەورەی زۆرێك لەوان سەفەری دەرەوەو کۆکردنەوەی پارە و ناوبانگ دەرکرنە لەسەر حسابی ئەوانەی کە کڕیاری کاڵا خەیاڵییەکانی ئەوانن.

4-لە ڕووی ویژدان و ئینسافیشەوە ئەڵێن: ئەو ڕاهێنەرانە لە کوردستان کەسانێکیان تێدایە – من بە خۆم دەیانناسم – تا بتوانن پەرۆشن ئەو زانستە بۆ خزمەتی دینەکەیان و موسوڵمانان بەکاربهێنن و لەهەموو شتێك بۆیان ساغ بیتەوە لەگەڵ ئیسلامدا ناگۆنجێت خۆیان بە دوور دەگرن.

حوکمی کارکردن لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی:

سەبارەت بە حوکمی کارکردن لە بواری گەشە پێدانی مرۆییدا ئەو مەسەلە پەیوەستە بە جۆری ئەو بابەتانەی کە ڕاهێنەر پێیانەوە خەریکە:

– ئەگەر بابەتەکان بریتی بێت لەو بوارانەی لەگەڵ ئیسلامدا بە هیچ شێوەیەك تێکناگیرێت و پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و

سوننەت نییە، وەکو: پلاندانان بۆ ژیان و دیاری کردنی ئامانجی باش و ڕێکخستنی کات و پەروەردەی منالّ و هونەری پویوەندییە خێزانییەکان و هونەری پەیوەندی کردن و گفتوگۆ و شێوازی وتاردان و قسەکردن و بە هیزکردنی کەسایەتی بێ ئەوەی خەڵەتاندنی خەڵکو فرۆشتنی بابەتی خەیاڵاوی تێدا بێت و بە مەرجێك هەوڵ بدات ئەو زانستە لە خزمەت دینەکەیدا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەکاربهێنێت، ئەوە کارێکی درووستە و هەوڵێکی باشە و هیچ گرفتێك لە ئەنجامدانیدا نیە والله اعلم؛ بەڵام بە قەناعەتی کەسێتی خۆم کۆنترۆڵ کردنی ئەم زانستە بەو شێوەی باسمان کرد بۆ موسوڵمان زۆر ئەستەمە ئەگەر بێت و ڕاهێنەر زانستی شەرعی و هەستکردنی بە لێپرسراوێتی بەرانبەر دینەکەی نەبێت بتوانێت بەسەلامەتی لێی دەرباز بێت و بێ تاوانباربوون لێی دەربچێت، چونکە ڕێك وەکو کەسێك وایە کار لەسەر کۆمەڵە بابەتێك بکات هەندێکی بەسوودە و هەندێکی زیانبەخشە و تیکەڵ بەیەکتر بوونە و جیاکردنەوەیان لەیەك وریایی زۆری دەوێت.

دیوەکەی تری ئەم زانستە کە بەتەواوی لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا تێکدەگیرێت و لەڕاستیدا جاری واهەیە بابەتێکی سەربەخۆی گەشە پێدانی مرۆییەو جاری واش هەیە تێکەڵە بە باسە باشەکانی و لەیەك کاتدا دەخرێنە ڕوو، وەکو بابەتەکانی چارەسەرکردن بە وزەی گەردوونی و یۆگا و هەندێ لەو باسانەی بۆ نموونە ئاماژەمان پێکرد؛ هەموو ئەوانە حەرامن و موسوڵمانێك بە درووستی لە دینەکەی تیگەشتبێت هەرگیز نزیکی ئەو جۆرە بابەتانە ناکەوێتەوە چونکە جۆرێکە لە ڕوخاندنی بیروباوەڕی ئیسلام و هاوکات پەرەپێدان بە بیروباوەری بتپەرستی و فەلسەفە گومڕانی ڕۆژهەڵات و میتۆدە ئیلحادییەکانی ڕۆژئاوا.

حوكمی خویندنەوەی کتێبەکانی گەشە پێدانی مرۆیی:

سەبارەت بە خوێندنەوەی کتێبەکانی گەشەپێدانی مرۆیی (التنمية البشرية)، لەبەر ئەوەی تیکەڵەیەکە لە چاك و خراپ و حەڵاڵ و حەرام و بابەتی گونجاو لەگەڵ ئیسلام و هاوکات وەرگیراو لە ڕێبازە گومڕاکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بۆیە تەنها بۆ کەسێك درووستە بیخوینیتەوە توانای لێکجیاکردنەوەی ئەو بابەتە دژەیەکترانەی هەبێت و مەترسی ئەوەی لەسەر نەبێت تووشی سەرسام بوون بێت بەو بیرۆکانەی دژ بە ئیسلامن.

کۆتایی:

لە کۆتاییدا دەڵێم: زانستی گەشە پێدانی مرۆیی، زانستێکی ڕۆژئاواییە پەتییە و دەبێتە دوو بەشەوە: بەشێکی بریتی لە کۆمەڵە زانست وزانیاری میکانیزمێکی بە سوود و وەکو هەر زانستێکی باش و بە سوودی تر دەکرێت ببێتە جێگای بایەخ و سوودی خەڵکی، بەشێکی تری هەیە هەڵقەڵای ئایینە دەستکرد و بتپەرستییەکانی ڕۆژهەڵات و میتۆدە ئیلحاییەکانی ڕۆژئاواییە تیکەڵ بە هەندێ بوار کراوە کە خەڵکی پێویستی زۆریان پێیەتی وەکو چارەسەر کردنی نەخۆشیو کێشەی دەروونی و بابەتی هاوشێوە و بە ڕاشکاویش هەموو کەسێك ناتوانێت حەقیقەتی جیاوازی و ناکۆکی ئەو بوارانە لەگەڵ ئیسلامدا بزانێت و لەلای خۆمان هەوڵ دەدرێت پۆشاکێکی ئایینی بەبەری ئەو بەشە ناکۆکەی لە گەڵ بیروباوەری ئیسلامدا بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی وەریگرن و سوودی مادیئەو کەسانەش دەستەبەر و بەردەوام بێت.

گەشە پێدانی مرۆیی زانستێکە باشەکەی باشە و خراپەکەشی خراپە، بەڵام باش و خراپی تێکەڵ بەیەکتر کراوە و زۆر جار لەسەر یەك

سفره هەمووی پێکەوا دەرخواردی بەشداربووانی خول و کۆرسەکانی گەشە پێدانی مرۆیی دەدرێن.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە کۆمەڵێك بەرهەمی جیاواز بینی، لەوانە:

- سایتی دکتورة فوز بنت عبد اللطیف کردي.
- سایتی الاسلام سؤال وجواب.
- فلسفة الطاقة وثنية قديمة في ثوب قشيب/ فيصل بن علي الكاملي.
- التنمية البشرية والبرمجة العصبية من منظور شرعي/ محمود عبد الرازق. الرضواني.
- الماكروبايوتكس في ميزان الشريعة/ محمد صالح المنجد.
- التنمية البشرية.. طريقك السريع للفشل!/ سامح عودة.

إحسان برهان الدين

14-8-2018 سلێمانی